# نەورۆزی کوردستان
## پەیامێک بۆ شادی، ئومێدێک بە دنیایەکی باشتر

حەمەغەفور
hamaxafoer@yahoo.com

سەردەمانێک رژێمی فاشیستی بەعسی تەوقی دیکتاتۆری خۆی لە گەردنی خەڵکی عێراق بە گشتیو خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئاڵاندبوو، دەورانێک کە ئەو رژێمە هارو دژە مرۆڤایەتییە سەرلەبەری سیمای شادیو خۆشی، جوانیو کامەرانیو هیواو ئاواتە شادیهێنەرەکانی ژیانو جووڵەی کۆمەڵگای خستبووە ژێر چەکمەی تۆتالیتاریستی بەعسیانەی خۆیەوەو سەرتاپای جەستەی مافو ئازادییەکانی تابوو و تاوانو قاچاغ وێناکردبوو، ئەو ساتەرۆژانەی رقو کینەی قەومپەرستانەی رژێمی بەعس هەوری رەشو چڵکنی خۆی هەمیشە بەسەرسەری خەڵکی ستەمدیدەو ئازادیخوازی کوردستانەوە راگرتبوو، بۆ ئەوەی ئومێدو ئارەزووی ژیانێکی خۆشترو دنیایەکی باشتر لە سینەکاندا بتاسێنێو چۆکی بەرگریو وەستانەوە بۆ ئازادیو رزگاری بشکێنێ، نەورۆز تەنها دەروازەیەکی پڕ ئومێد بوو بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان هەتا هەرچی خورپەی ترسو تۆقاندنو دڵەڕاوکێیەک کە رژێمی بەعسی تاوان لە ساڵێکدا بە سەرکوتو ئیعدامو کۆکوژی لەدڵی ئەو خەڵکەدا تۆویکردبوو بڕەوێنێتەوەو هەموو ساڵێک لە جەژنی نەورۆزو سەرەتای بەهاری ساڵدا دەسەڵاتی هاری بەعسی مایەپووچو ناکامدەمایەوەو لەبەردەم ئیرادەی خەڵکی خۆڕاگری کوردستاندا دەستەوسان دەبوو!

زیاتر لە چارەکە سەدەیەک نەورۆز رەمزی راوەستانو بەرگری خەڵکی کوردستان بووە بۆ نائومێدکردنی دوژمنانی ئینسانییەت، دوژمنانی ئازادی، دوژمنانی خۆشیو شادیو ئارامیو بوژانەوە! بەرگری لەبەرامبەر رژێمێکی کۆنەپەرست، تاوانکارو دژ بە مرۆڤایەتی لە کوردستانی عێراقدا بووبووە سوننەتێکی خەباتکارانەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. هەموو ساڵێک لە نەورۆزدا یەک خۆپیشاندانی بێوێنەی سەرتاسەریو جەماوەری بەڕووی رژێمی بەعسیدا بەرپادەکرا. جەژنگرتنی نەورۆزو چوونەسەیرانی گشتی شێوازێکی خەباتکارانەی ئەم دەڤەرەبوو بۆ نا ووتنێکی گەورە بە دەسەڵاتی ئەنفالو کیمیاباران. ئەم جەژنەو ئەم یادەو ئەم رۆژە ناسیونالیزمی کوردیو حیزبەکانی گەرەکیانە مۆرکی قەومپەرستانەی خۆیانی پێوەبنێن. لە بنەڕەتدا کەمتر پەیوەسدەبێتەوە بە یادەوەریو جەژنێکی قەومییەوە. زیاتر جەژنێکی گشتیو جەماوەریە بۆ خەڵکی کوردستان کە تیایدا هەموو ساڵێک بەڵێنیان بۆ ئازادیو رزگاریو ژیانو شادیو سەعادەت نوێکردۆتەوە.

ئەمساڵیش جیاواز لە ساڵەکانی تر خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی بێوێنە لەنەورۆزدا خۆپیشاندانێکی گەورەیان بەرپاکرد بۆ نیشاندانی مەیلو ئارەزووی قووڵیان بۆ ئازادی، بۆ ژیانێکی باشترو خۆشتر بۆ شادیو بووژانەوە. بەڕای من نەورۆزی ئەمساڵ زیاتر وەبیرهێنانەوەی یادی نەورۆزەکانی کاتی رژێمی بەعسە بۆ رەتکردنەوەی تەوقی دیکتاتۆریەتو نیشاندانی عیشقیان بۆ ژیانێکی ئازادو خۆشتر. زیاتر سینیالێکە بۆ ئەحزابی کوردی دەسەڵاتدار کە چیتر خواستەکانی جەماوەری کوردساتن پشتگوێ نەخەنو وەلامی عەمەلی بدەنەوە پێیان، دەنا چارەنووسی باشتر لە رژێمی بەعسی لەپێشیان نییە. نەورۆزی ئەمساڵ بەڵێیە بۆ ژیانێکی شادو خۆشترو هەمەگیر بۆ هەمووان، نایەکی گەورەیە بە هەڵاواردنو چەوسانەوەو گەندەڵی.

مەخابن خەڵکی کوردستان دوای زنجیرەیەکی تووڵانیو چەندین ساڵەی نوواندنو بەرپاکردنی نارەزایەتی گشتیو جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردیو لەدژی سوڵتەی پارتیو یەکێتی کە لە پێناوی ئاوی خواردنەوەو رووناکیو خزمەتگوزاری هەرە سەرەتایی ئەنجامیان دابوو، وە بەردەوامیش ئەو تورەییو نارەزایەتیانە پۆنگدەخۆنەوە، جووڵانەوەی کوردایەتی بەنیازە بە تەرخانکردنی بودجەی 100سەدملیۆنی بۆ یادکردنەوەی نەورۆزو خستنەکاری دەزگاکانی راگەیاندنی بینراوو بیستراویان بۆ رەنگکردنی ئەم نەورۆزە بە مۆرکی کوردایەتیو قەومپەرستانە، بۆ ئەو ئامانجەیە کە ئەو جووڵانەوەو راوەستانە گشتگیرە لە دژی دەسەڵاتی گەندەڵو میلیشیاییان داپۆشنو وانیشانیدەن کە خەڵکی کوردستان لەپێناوی قەومپەرستاندا واز لە خواستە رەواکانی خۆیان دێننو دەس لە خەباتو تێکۆشان بۆ بنیاتنانی کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆو، وە بەرقەرارکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژنانو خەملاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەهێنن.

نەخێر، ناکرێو ناتوانرێ بەوەی مایکرۆفۆنی تەلەفزیۆنەکانتان شەرمنۆکانە بخەنە ئیختیاری ژمارەیەک کەسو خێزانی دەسو پێوەندی خۆتانەوەو تەعلیمیانبدەن کە بەباڵای ئێوەو حکومەتو دەسەڵاتی گەندەڵو سەروخەڵکیتاندا هەڵبڵێن گرفتە گەورەکانی دەرەنجامی دەسەڵاتی گەندەڵو سەروخەڵکیتان لێ قبووڵبکرێو ئەو ملیۆنان ئینسانەی کە لێتان توورەنو دەسەڵاتی گەندەڵی ئێوە بەسەرچاوەی کوێرەوەری خۆیان دەزانن بێدەنگو ڕازی بکەن! کۆمەڵگای کوردستان پڕە لە دەنگو ڕەنگو سنگی پڕ ڕەخنە، لێوانلێوە لە ناڕەزایەتی، پڕاوپڕە لە توڕەیی لەدژی ئەم فیرعەونئاوایەی لە کوردستان سازو بەرپاتانکردووە! سیمای جیاوازی چینایەتی کوردستان بە چەند بەرنامەی تەلەفزیۆنی نیشاندانی خاڵی جێگامەبەستی خۆتان ناکرێ بەژێرەوە!

ئەم کوردستانە دوو جۆر ئینسانی تێدا ئەژی؛ ئەکسەرییەتێک کە لە ئاستێکی ئێجگار نزمی ژیانی ئەمڕۆژیدا بەسەردەبەنو موحتاجی ئاوی خواردنەوەو ڕووناکیو کارو نانن، ئەقەلییەتێکیش کە بێ چاوڕوو لە هەموو شتێک بەهرەمەندنو گاڵتەیان بە میحنەتی ئەو ئەکسەرییەتە دێت. سەیر لەوەدایە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنتانەوە گەرەکتانە بە مۆرکردنی نەورۆز بە ڕەنگی کوردایەتیتان ئەم واقعە بەرجەستەو چینایەتییە بکەن بەژێرەوەو کوردستان بەبەهەشتی هەمووان نیشانبدەن! ئەمەش کارێکە کە نەک لە توانای ئێوەدا نییە، هیچ هێزێک ناتوانێت بە فڕوفیشال بیشارێتەوە. ئەو چینە سەرەنجام دنیاو دەسەڵاتی خۆی بە خەباتی نەپساوەیان بەرپادەکەنو ئەم گەندەڵئاوایە پاکئەکەنەوە. بۆیە نەورۆزی ئەمساڵ زیاتر ئیحراجبوونی دەسەڵاتی کوردی بوو نەک یادکردنەوەی جەژنێکی قەومی!

2008/3/23